# زیـــرەك کـــەمـــاڵ/ نووسەر

## 30 / 10/2007

زۆر سوپاس بۆ بنکەی ڕۆشنبیری کاوە بۆ رەخساندنی ئەم دەرفەتە بەرێزان من زۆر بڕوام بەوە هەیە کاتێك کۆمەڵێك هەڕەشەی جددی مەترسیدار بۆسەر نیشتمان بۆ سەر وڵات لەئارادا دەبن من بڕوام بەوە هەیە تەواوی گوتارەکان بەئاراستەی رەواندنەوەی ئەو مەترسی یەو سەنگەر گرتن لەو مەتر سی یە بن بۆیە ڕەنگە من لەو قۆناغەدا زۆر بڕوام بەوە نەبێت کە هەندێك هۆکاری جددی هەیە کە کۆمەڵێك هۆکاری دیارن لەسەر رەوتی واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمە من بەراستی ناتوانم دەست نیشانیان بکەم و زیاتر دەمەوێت چەند سەرە قەڵەمێك بخەمە ڕوو کۆمەڵێك شت هەیە دەبێت دوای بخەین بۆ کاتێکی دیاریکراو بەڕێزان ئێمە بمانەوێ یان بنکەی کاوەی ڕۆشنبری ئەو زنجیرە کۆڕو سمینارە بەرەنجام و بەر هەمی ئەو هەڕەشەو مەترسیانەن کەوا حکومەتی تورکیا لەسەر هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دەرو دراوسێ لەسەر ئەزموونی کوردستان پەیدایان کردووە بۆیە من دەمەوێت لەو چوارچێوەیەدا چەند شتەك هەیە بۆ بەرێزتان بیخەمە ڕوو.

هەمووومان ئاگادارین مێژووی دراوسێیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەتایبەتیش لەدەڤەری ئێمە مێژووی پێکەوە ژیان بەراستی مێژوویەکی ناشرینە کەلتووری پێکەوە ژیانی نێوان وڵاتانی نێوان ڕۆژهەڵاتی ناوەراست کە 72 وڵاتە وە بەتایبەتیش وڵاتانی دەرودراوسێ ی ئێمە و ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە کەلتورێکی لاوازە پێکەوە ژیانی ئاشتیانەو دیموکراسیانە لەنێوان ئەو وڵاتانەدا بەدرێژایی مێژوو ناڵێم نەبووە بەڵام لەئاستێکی یەکجار لاواز بووە نموونەشمان زۆرە ئەگەر بگەرێینەوە بۆسەدەکانی ڕابردوو کێشەی نێوان عوسمانیەکان و سەفەویەکان ئیتر لەقۆناغی هاوچەرخیشدا شەڕی ئێراق و ئێران و پەلاماردانی ئێراق بۆ کوێت و کێشەی عوسمانیەکان لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و لەسەدەکانی ڕابردوو هەموو ئەوانە بە ئێمە دەڵێن کلتوری نەبینینی ئەویتر قەبوڵنەکردنی ئەویتر نەخوێندنەوەی ئەویتر کلتورێکی بەهێزە بۆیە ئێمە دەبێت بەلامانەوە وەکو گەلی کوردستان وەکو سەرکردایەتی سیاسی کوردستان وەکو ئەزموونی کوردستان وەکو حیزب و لایەنەکان وەکو خەڵکی کوردستانی ئێراق بەلامانەوە ئاسایی بێت هەر جۆرە هەڕەشەو مەترسیەك بۆ سەر ئێمە بن لەبەر ئەوە کە ئەو وڵاتانە هەموویان هێزیان هەبووە سەدان ساڵ پێکەوە ژیاون و یەکتریان قبوڵ نەبێت زۆر قورسە ئێمەشیان قبوڵ بێت، هەڵبەت یەکتر قبوڵنەکردنی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست هەر بەڕووی یەکتردا نەبووە بەڵکو بەڕووی ناوەوەشدا بووە بۆیە دەبینین هەر کامێك لەو وڵاتانە بەتایبەتی ئەوانەی کەوا لەڕووی پێکهاتەی فرە نەتەوەو فرە ئاینن سەدان کێشەی کوشندەیان هەیە ئەم کێشە کوشندانەش بۆتە هۆی ئەوەی کە تەنزیمێکی زۆر لەناو کایەی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی ئەو وڵاتە دروست بێت وە ئەو وڵاتانەی کوا فرە نەتەوەو فرە کلتورو فرە ئاینیش نینە ئەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستا دەبینین خەریکی کودەتای خوێناوی ویەکتری قەڵاچۆکردن و یەکتری ڕامالین و یەکتری سرینەوەبوون بۆیە قەدەر وایکردووە ئێمە وەکو گەلی کورد بەراستی لەڕووی جوگرافی کەوتوینەتە پێگەیەك کەوتوینەتە مەوقعێك بەراستی کلتوری پێکەوە ژیان و پێکەوە ژیانی دیموکراسی لەئاستێکی زۆر نزمدا بووە ئەمەش وەك قەدەرێك وەك بەڵایەك وەکو کەلتورێك بۆ ئێمە بەجێماوە وە بەراستی یەکێك لەهۆکارە گەورەو کوشندەکانی ئێمە کە لەمێژوودا هاردراوین کە چەوساوینەتەوە کە ئێمەیان قبوڵ نەبووە ئەو عەقڵیەتە دوا کەوتووە ئەو کلتورە دوا کەوتووەی ستەمە سیاییەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی

ناوەراست بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانی ئێمەیان بەسەردا دابەشکراوە بۆیە من ئێستا دەیڵێمەوە دەبێت ئێمە هەموو کاتێك وەکو ئەزموونی کوردستان وەکو سەرکردایەتی سیاسی وەکو گەلی کورد چاوەڕوانی ئەو جۆرە هەڕەشانەبین و ئەو جۆرە گوتارە سیانە بین کە چ لەلایەن حکومەتی تورکیا یان هەر وڵاتێکی دەوروبەرو بەرامبەر بە ئێمە بخرێنە ڕوو لەبەر ئەوە ئەمە بنیادێکی عەقڵی یە کە ئەو لەناو خۆیدا یەکتری قبوڵ نەبێت دراوسێکەی خۆی قبوڵ نەبێت ئێمەشی قبوڵ نی یە کە کۆمەڵێك هۆکاری تریش لەپشت مەسەلەکەن ، بەرێزان زۆرجار باسی ئەوە دەکریٚ ئێمە چۆن بتوانین بەر لەو مەترسیانە بگرین یان ئەگەر کورتتر بڕوانینە مەسەلەکە ئەزموونی گەلی کوردستان چۆن دەپارێزریٚ کیٚ دەیپارێزیٚ خۆمان واتە هۆکاری ناوەکی یان هۆکاری دەرەکی ئەمە هەر چەندە بەراستی پێویستی بەتۆێژینەوەیەکی زۆر ورد هەیە پێویستی بەتوێژینەوەیەکی فکری یان بابەتێکە لەدیدێکی فەلسەفی دەبێت بۆی بڕوانرێت قورسە لەچەند دەقیقەیەکی دیاریکراوی ئەم کۆڕەدا ئاماژە بەوە بکرێت بەڵام من سەرەقەڵەمێك لەوەدا دەخەمە ڕوو. بمانەویٚ یان نەمانەویٚ ئێمە سەرەڕای هەموو هەڵەو کەم و کوڕیەك سەرەڕای هەموو گرفتێك ئەمڕۆ لە کوردستانی باشوور بەراستی ئێمە ئەزموونێکمان هەیە دەسەڵاتێکمان هەیە کۆمەڵێك دامەزراوەی یاسایی و ئیداری و حکومیمان هەیە وە خۆشبەختانە ئەم دامەزراوانە خۆمان دروستمان کردووە بەڵام لەرێگای کارا بوونی دبلۆماسیەت و لەرێگای کۆمەڵێك گۆرانکاری لەسەر ئاستی دەرەکی و ناوەکی و گۆرانکاریەکی ریشەیی لە هاوکێشە سیاسیی یە جیهانی یەکان بووە مایەی ئەوەی ئەو دامەزراوە شەرعی و سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی ئێمە لەسەر ئاستی دەولی لەسەر ئاستی ئێراق وەتا ڕادەیەکیش لەسەر ئاستی دەرودراوسێکان دانی پیادانرا وەکو ئەمری واقیع قبولکرا واتە ئێمە ئەم دەسکەوتانەمان بەخوێن و فرمێسك وماندو بوون و خەباتێکی نەك دەیان ساڵی بەڵکو سەدان ساڵی بەدەستمان هێناو بەڵکو خۆشبەختانە ئەمڕۆ ئەم ئەزمونە خۆی گرتووە وەپایەکانی خۆی گرتووە وەتا ڕادەیەکیش ئاسۆی گەش بەدیدەکرێت بۆ ئەوەی ئەم ئەزموونە بەرەوپێش ببڕێت سەرەڕای هەموو ئەو هەڕەشە و مەترسیانەی کەلەسەر ئێمەن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئێمە حەقیقەتێك هەیە ئاگاداری واقعی سەردەم بین ئاگاداری ئەو گوتارە سیاسیە باوە بین کە ئەمڕۆ لەئارادایە، ئەم ئەزموونەی کوردستان پێبدەین مەسەلەکەی ئێمە لێرەدا تەواو نەبووە ئەوەی ئێستا ئێمە بەدەستمان هێناوە کۆمەڵێك دەسکەوتی گرنگی نیشتمانی و نەتەوەییە بەڵام لەگەڵ ئەوەدا خەڵکی کوردستان حیزب و لایەنە سیاسیەکان سەرکردایەتی سیاسی کوردستان خەون و خەیاڵی ئەوان باڵدارترە دوور مەوداترە گەورەترە بۆیە من ڕەنگە بروام بەوە نەبێت چۆن ئەم ئەزموونە بپارێزین بەڵکو لەپاڵ پاراستن دەبێت گەشەش پێبدەین و شتی تر بکەین بۆیە من بەخاڵ چەند شتێك دەخوێنمەوە.

پێم وایە دەبێت لەو قۆناغەی ئێستادا ئێمە لەو حەقیقەتە تێبگەین ئەگەر جاران خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی حیزبایەتی ڕووی دەرەوەی خەباتی ئێمە بووبێت کاریگەری خەباتی ئێمە بووبێت من پێم وایە ئێستاش ئەم خەباتی پێشمەرگایەتی حیزبایەتی سیاسی هەمان ئەهمیەت و گرنگی خۆی ماوە چونکە ئەوەی ئەمڕۆ ئەوروپای گەیاندۆتە ئەم وێسگەی پێشکەوتووخوازە حیزب لەپشت ئەو کەلتورە وەستاوەو حیزب بەشێکە لەداینەمۆی گۆڕانکاریەکان بەڵام بەجیاوازی لەعەقڵیەتی و کەلتوری رۆژهەڵات بۆیە من پێم وایە حیزبایەتی و سیاسەت هەرگیز رۆڵی تەواونەبووە حیزب رۆڵی تەواو نەبووەو تەواویش نابێت بەڵام دەبێت کۆمەڵێك گۆڕانکاری ڕیشەی لەئاراستەو گوتاری سیاسی حیزبیدا بێتە گۆڕیٚ بۆیە من پێم وایە لەپاڵ هێزی پیشمەرگەو خەباتی سیاسی بەراستی کۆمەڵێك خەباتی تریش هەیە دەبێت بخرێتە گەڕ بەمەبەستی پاراستنی ئەو ئەزموونەو بەمەبەستی گەشەپێکردنی پێم وایە لەو ڕووەوە ئەوەی دەوری بنچینەیی دەگەیەنیٚ یان بڵێین گرنگن لەو رۆڵەدا رۆشنبیران

زۆر جار باس لەوە دەکرێت ڕۆشنبیر لەچوارچێوەی کراسێك وپانتۆلێك و قەڵەمێك سەیر دەکرێت بەڵام گوتاری ڕۆشنبیری گوتاری پیاوان و پێورانی ڕۆشنبیری و ئەکادیمی کاریگەری زۆرە لەسەر ئەو بوارە ئێمە لەبیرمان نەچێت ڕێنسانس ڕۆشنگەری کە هەموو جیهانی قەرزاری خۆی کرد سەرەتا لەسەردەستی قەڵەمی چەند ڕۆشنبیرێك و چەند ڕۆژنامەنوسێك و پەیکەری چەند بریارێك دەستی پێکرد دواتر گوازرایەوە بۆ ناو کایەی ئابووری و کایەی سیاسی بۆیە من پێم وایە بەداخەوە من لەم مینبەرەوە دەیلێم بەراستی ئەو توێژە سەرەڕای ئەوەی گلەی و ڕەخنەی خۆی هەیە بەڵام لەو واقیعەی ئێستادا من هەست دەکەم ڕۆڵی خۆی جێبەجێ نەکردووە وە بەتایبەتیش لەو چەند مانگەی دوای کەوا کۆمەڵێك هەڕەشەی جدی و گەورە ڕووبەڕووی وڵاتی ئێمە بونەتەوە بەراستی هەست دەکەیت ڕۆڵیان نەك نی یە بەڵکو لەئاستێکی یەکجار نزمدایە من پێم وایە بۆ داهاتوش ئەمە بەهۆکارێکی مەترسیدار دەبینم وە داوای لێبوردنیش لەهەر کەسێك دەکەم پێ ی وابێت من وەك مەوقعێکی دەسەڵات قسە دەکەم. خاڵێکی تر خۆپاراستنی ئێمەیە لە زمانی هێز لەخستنە ڕووی گوتاری سیاسی لەگەڵ ئەویتر چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ حەقیقەتێکی ڕاستە ئێمە ژمارەیەکی گرنگین لە هاوکێشەکان و هێزێکی پێشمەرگەی کارامان هەیە و بمانەوێ یانا ئێمەش هەین ئاوا دەستە پاچە و لاواز نین بەڵام یەکێکە لە فاکتەرەکان لەبەر ئەوە ئەمرۆ حکومەتی تورکیاو زوربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستن زوربەی ناحەزانی ئەو ئەزموونەی ئێمە بەزمانی هێز لەگەڵمان قسە دەکەن زمانی هێزیش تارادەیەك بەتایبەتی بەپێوەری واقیعی ئێمە سەر بەکلتوری رابردووە ئێمە دەمانەوێ لەکلتوری ئێستادا بژین داهاتومان هەبێت بۆیە قسەکردن یان زاڵبون بەزمانی دبلۆماسیەت و زمانی سیاسی سەردەم هۆکارێکی بنچینەییە بۆ بەستنەوەی ڕایەڵەی پەیوەندییەکانمان بەدەرەوە. خاڵێکی تر بەش بەحاڵی خۆم ئێستامن بەدووری دەبینم یەکخستنی گوتاری سیاسی لەو قۆناغەی ئێستا دا لەو یەك دوو مانگە بەراستی مایەی نیگەرانیە من ڕەنگە قورس بێت ئاماژە بەوە بکەم بەڵام یەکخستنی گوتاری سیاسی بەرامبەر بەو مەسەلانەی کە هەڕەشەن بۆسەر نیشتمان زۆر زۆر گرنگە دەکرێت من لەگەڵ کەسێکی تر بەرامبەر مەسەلەی پەروەردە یان شارەوانی ئەدەب و فەلسەفە تێڕوانینمان جیاواز بێت.بەڵام مەسەلەی نیشتمان کە دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەیەکی جدی گوتارەکان دەبێت هەمووی یەك بن ئەمە لە وڵاتانی ئەوروپاش ئەگەر ئێمە تەمەشا بکەین فەرەنسا، سوید دانیمارك، تیرۆر هەڕەشە لەم وڵاتانە دەکات گەلانی ئەم وڵاتانە دەست بەرداری کۆمەڵێك مافی خۆیان بوون لەپێناوی ڕووبەڕوو بونەوەی تیرۆر مەسەلەی چاودێرێکردنی مۆبایل تەلەفۆن پشکنین بۆیە هەندێك حاڵەت هەیە یەکخستنی گوتاری سیاسی بەرامبەر مەسەلەکە کۆبونەوە مانەیەك چوارچێوەدا شتەکی زۆر زۆر گرنگە بەتایبەتی لەواقعی ئێستادا خاڵێکی تر بەراستی بۆڕووبەڕوو بونەوەمان و پاراستنی ئەم ئەزمونە پێم وایە حیزبەکانی تری پارچەکانی تری کوردستان بەتەنیا لە ڕێگای خەباتی و شەهیدو مێژووی رابردووی خۆیان ناتوانن کورد بوونی خۆیان بسەلمێنن یەکێك لەمەرجەکانی خۆسەلماندنیان وەك کۆمەڵێك ئەرکی نیشتمانی پێم وایە دەبێت موراعاتی ئەو ئەزموونەی کوردستان و هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێم و پەرلەمان بکەن لێرەوە گەشە دەکرێت بۆ شوێنەکانی تر ئەگەر ئەم ئەزموونە کەمن پێم وا نی یە ڕۆژێك لەرۆژان دڵی دوژمنان بەوە خۆش بێت شکست بێنێ یان شت بێنێ بەڵام ئەگەر هەر لاوازیەك دروست بێت کاریگەری دەبێت ئەو وەزعەیان نەکردووە.

خاڵێکی تر من دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم بەنسبەت ناوخۆمانەوە یەکێك لەهۆکارەکانی ئێمە بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی هەرمەترسیەك لە کوردستان دیموکراسیەت هەیە لەکوردستان کۆمەڵێك بنەمای گرنگی دیموکراسیەت دامەزراون قوڵکردنەوەی پرۆسێسی دیموکراسی بەمانای بەهێزکردنی ڕایەڵەی پەیوەندییەکانی نێوان جەماوەرو دەسەڵات جەماوەرو

حکومەت کە باسی دیموکراسیەت دەکەین کۆمەڵێك چەمکی زۆر بەهێز دێتە پێشەوە مەسەلەی کۆمەڵگای مەدەنی عەلمانیەت کە هەموویان بەکۆمەڵێك ڕایەڵی پتەو بەیەکەوە گرێ دراون بۆیە من ئاماژە بەوە دەکەم ئەگەر دیموکراسیەت مەرجی بنەڕەتی پێشکەوتنی کۆمەڵگا بێت مەرجی بنەڕەتی سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی بێت لەوڵاتەدا هۆکارێکی تر بۆ ئێمە بۆ دیموکراسیەت بەدوو ئاراستە زۆر گرنگە ئاراستەی یەکەمیان ئێمە میللەتێکین بێ کەسین کەسمان نی یە ئێمە ناتوانین دۆستەکانی خۆمان ستراتیژی دەست نیشان بکەین ئەگەر بەپێوەرێکی سەردەمیانە نەبێت من دەزانم دوژمنانی من هەموو ئەوانەی کەمنیان قبوڵ نی یە وەکو نەتەوەیەك بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شتەکان جێگیرنین لەشوێنی خۆیاندا بۆیە دیموکراسیەت بەدوو ئاراستە زۆر گرنگە یەك لەهۆکارەکان بۆ خۆپاراستن و گەشە پێدانی ئەو ئەزموونە خۆسەلماندنمانە وەك رەگەزێکی ئیجابی لەناوچەکەدا چونکە کاتی ئەوە هاتووە ئێمە چیتر ناتوانین لەرێگای هەڵەبجەو کیمیاباران و تراژیدیای نەتەوەی خۆمان بەدنیا بناسێنین ئەگەر تائێستا نەمانتوانیبێ لەداهاتوو ناتوانین بۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە دیموکراسی بوونی خۆمان مەدەنی بوونی خۆمان کلتوری بەیەکەوە ژیان مەرجێکی بنەڕەتی یە بۆ داکۆکیکردن لەئێمە بەتایبەتی لای ڕای گشتی گەلان و ئەوانەی کەوا دیموکراسی خوازن ئاراستەیەکی تر بەنسبەت ناوخۆمانەوە کە دیموکراسیەت بووە بەهاو بووە ئەخلاق بووە کەلتور لەنێوکایەی حیزبی و حکومی و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا ئەو کاتە جەماوەر ڕاستەوخۆ بەشدارە لەبڕیاری سیاسی کە جەماوەر بەشدار بوو هەر جەماوەر خۆشی شان بەشانی دەسەلات و حکومەت پارێزگاری لە حکومەتی خۆی و دەسەلاتی و خۆی دەسکەوتەکانی خۆی دەکات چونکە لەوکاتەدا پەیوەندییەکانی خۆی بەکایەکانی دەسەلات لە ئاراستەیەکی زۆر بەهێزدا دەبێت بۆ قوڵکردنەوەو گەشەپێکردنی دیموکراسیەت لەنێوکایە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگای ئێمەدا من بە ئەرکێکی

یەکجار گرنگی دەزانم بۆ بەهێزکردنی بەرەی ناوەکی و ڕووبەڕوو بونەوەی مەترسیەکان کەمن بەبەردی بنەڕەتی هەموو ڕووبەڕوو بونەوەیەکی دادەنێم وەجگە لەچاکسازیش لەهەموو بوارەکاندا بەتایبەتی لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام وە لەکوردستانین دەبوایە هەموو شتەك دەسکاری بکرێت چونکە لەپاش نەمانی سەدام شتێك نی یە قابیلی دەسکاری کردن نەبێت هەمووشتەکان ئێمە چونکە ئەم ڕژێمە لەنێو هەموو پانتای و کایەکاندا بوونی خۆی سەلماندبوو وەفۆرم و ناوەرۆکی هەموو کایەو بونیادەکانیش لەسەر بچم و فۆرمی خۆی دیاریکردبوو، من دووخاڵ دەمەوێت ئاماژە پێبکەم یەکەم هەرچەند زۆر قورسە قەسەکردن لەسەر گەشەکردنی ژێرخانی ئابووری و سەرخانی ئابووری بەڵام کاراکردنی مەسەلەی ئابووری لە وڵاتی ئێمە زۆر گرنگە من پێم وایە ناوی هیچ وڵاتێك نادەم بەڵام ئەگەر لەچەند ڕۆژی ڕابردوو کە دەرگای سنوریان پێوەدا ئەگەر مەسەلەی بەرژەوەندی خۆیان نەبووایە ئەو دەرگایەیان نەدەکردەوە بەرژەوەندییان هەیە لەو وڵاتەی ئێمەو من بەشتەکی ئیجابیشی دادەنێم وە لەگەڵ ئەوەدام بەرژەوەندییە ئابووریەکانیشیان بپارێزرێت لەوڵاتی ئێمە دەبێت ئێمەش بەهەمان شێوە بۆیە کاراکردنی پرۆسەی ئابووری لەوڵاتی ئێمە بەفۆرمێکی بەعەقلێکی نوێ زۆر گرنگە لەوڵاتی ئێمەدا دواخاڵ دەمەوێت ئەوە بڵێم لەوڵاتی ئێمەدا لەبواری سیاسەت دا دەبێت ئێمە زۆر وریا بین چونکە هەر هەڵەیەك لەبواری سیاسەتدا باجی بەدواوەیە من پێم وایە سیاسەت وەك بەشێك لەفەلسەفە یەکێکە لەو کایەو تێزانەی کەهەڵە قبوڵ ناکات تۆ هەڵە بکەیت تۆ هەڵە بکەیت لەبواری سیاسی باجت لێدەستێنێ بۆیە هەمووومان من ئەوە تەنیا ڕووبەڕووی حیزبەکان و سەرکردایەتی سیاسی ناکەمەوە ڕووبەڕووی هەموو تاکێکی ئەو کۆمەڵگایەی دەکەمەوە بەراستی کاتی ئەوە هاتووە لەرێگای خەباتی جەماوەری قەڵەمی نووسەران کۆڕو سمینار خەباتی جالیەی خۆمان لەدەرەوە بەهەموو دنیا بڵێین ئێمە نەبین نابێت کەس هەبێت لەناوچەکە.